# بەهار لەگەڵ هەنگاوەکانی تۆدایە

سیروان کاروانی

کە ڕۆیشتی و ئەم هەوارەت جێهێشت
هەرەس لەسەر خاکی دڵم بەرپا بوو
کە دواهەنگاوت بەسەر ئەم گڵەوە نا
گڕی غوربەت لە ڕەوسەی تینم بەربوو
کاتێ هەناسەم پچڕپچڕ و تەماوی بوو
بەردی بناغەی کەلاوەیشم نغرۆ بوو
ئێستا لەسەر ئەم نیشتیمانەی دڵمدا
سەردەمی بێڕەنگییە و ژاکاوبوونە
هەسارەگەشەی بەختم بە کزی وەستاوە
سەرەتایەکە و وا لە قۆناغی فەنابوونە
گوڕزەی "ئەڤین"ە شیرین و تاڵەکانم
ئەوەتا لە دواساتەکانی مۆمیاییبوونە
بگەڕێوە بەهار لەگەڵ هەنگاوەکانی تۆدایە
خاکی ئەم دڵەم بە میهرەبانیی خۆت بکێڵە
مەزرای ئەڤین بە پێدەنگی خۆت بڕوێنە
چونکە ژیان لەگەڵ ئاوازی بزووتنی تۆدایە
وەرە چرای دەرکەوتنت لەم ئاقارە هەڵکەوە
خەزەڵوەرە و وەرین وا حەشری هێناوە
وەک ئەو کۆترە قەلەندەرەی بە دەوری
ئەڤینداری باڵشکاوەکەیدا دەخوولێتەوە
تۆش لەم خەوە ترسناکە بەئاگام بێنەوە!

2005.08.31